# Oh my god
# Llove you, Llove you

ڕامیار مەحمود

( ئەمەلەیەکێك لەدەفتەرەکانی (تۆماس مان)دانوسراوە..
ئەوکاتەی بەنهێنی ئەوینی لەگەڵ کوڕێکی قەشەنگدادەکرد..)

بەلاّم من بیرم ئەکردەوە لەوعەشقەی
هێندە مەزنەخوداناو بژی تیائەکات
بەدەست خۆم نییەئەم ڕۆژانەتوڕەترن لەبا
من لەوڕۆژانەدا ئەژاکیێم ئەم شارانە جل وبەرگێکن لەئاسن
خۆئێستازانیت ئێمە لەچیدائەژین
ئیترپێویست ناکات نەزانیت بۆمیهر بێشانسە ؟
بۆبریقەی زەردەخەنە ئاسنییە ؟
بۆنیگاکان سارد ترن لەسەهۆڵ؟
ئێمەمنداڵەکانی سەردەمی تۆفانین...
من ئەوڕۆژانە (ئەگێم)کەئێوە ئەڵێن جوانە
خەمگینی من بەرهەمی جەوهەری تەنهاکلۆڵی مرۆڤەکانە
ئەومرۆڤانەباهۆشیارنەبنەوە...
بالەناوهەڕەمەکی وگێژی خۆیاندابژین
ڕۆژێك دێت لەڕۆژێکی ترخرا پتر
ساڵێك دێت لەساڵێکی تربەدتر....
من لەهەمووئەوسەردەمانەدا قسەدەکەم!
بەهۆی قسەکردنەوەئەتوانم خۆم لەوبێفەڕییە دووربگرم
کەمرۆڤەکانی تێدایە..
ئێمەدرەنگ تێدەگەین،
لەئاوازی ئەوگۆرانییە تاریکانە...
ئێمەدرەنگ تێدەگەین ،
بوونمان لەنەبوونی ئازادیدا بۆگەن دەبێت
بەداخەوەهەرگیزپرسیارت نەکردووەتۆ چ کەڵکێك دەبەخشیت؟
ئێمەبۆلەناو یەکسانیدا زەلیلین؟
بۆلەناوداد پەروەریداکۆیلەین؟
بۆیە من لەناوئەم خەڵکە ڕەوشت بەرزانەدا
بێ ڕەوشتێکی ئاسودەم.

خۆم ڕائەهێنم کەس بە پیربوونم نەزانێت
کەس پێم نەزانێت چ غەمگینییەك کاسی کردووم
زۆربێتاقەتم بڕوابکە کۆڵانەوکۆڵان ئەڕۆم
حەزناکەم کەس لاشەهیلاکەکەم ببینێت
کەس خەون وخەیاڵەقورسەکانم تێك بات..
سەرجادەکان پڕن لەئاوێنە
هاوڕێکانم لێم وەڕسبوون و نامەم بۆنانێرن!
لەپایتەختەی پیرەی شام دا ،
لەسەرکورسی هەرباخچەیەك،
تەنهاییەك هەناسەبات بۆنی ئەکەم..!!
خودایەلەمیترۆکاندا بەتەنهام..!!
لەشەقامەکاندا بەتەنهام..!!
خودایەئەم موسیبەتە چی بوو؟!
لەجێگاکەمداتادونیاڕوناك ئەبێتەوەتل ئەخۆم.
حەزئەکەم یەکێك یاری بەجەستەم کات..!
حەزئەکەم یاری بەجەستی یەکێك بکەم.
خۆم ڕائەهێنم لەکاتی پیاسەکردندا،
پێمەوە دیار نەبێت خەیاڵم ڕۆشتووە.
خودایە خۆشم ئەوێت ئەوپارچەبەفرانە،
ئەوپارچە کاغەزانە،
ئەوپارچە ئاورێشم وزەردەپەڕانە.
حەزئەکەم لەگەڵیاندا بنوم،
حەزئەکەم لەگەڵیاندا بژیم
خودایە خۆشم ئەوێن....
لەژیانی هەموو مرۆڤێکدا ژیانێکی دی بەنهێنی ئەژی.!!
من نازانم ئەمەبەهۆی قەسوەتەوەیە یان شتێکی تر...
بەس لەکتێبدا خوێندوومەتەوە سروشتی مرۆڤەکان لەترسەوە هەڵقولاون.
ئۆە خودایە خۆشم دەوێت ...
ئەوەی بەسەر مندا هات بەسەر کەسدا نەیەت!!
لەماڵی لەش فرۆشاندا نووستوم،
بەنیگاوبەدزییەوە عەشقم لەگەڵ کوڕەقۆزەکاندا گۆڕیوەتەوە..
لەگەڵ ئەوکوڕە قەشەنگانەی لەئەستێرە جوانتر ئەدرەوشێنەوە...
تابەد مەستی خواردوومانەتەوە.!!

ئەوەندەی ئاگام لەخۆم بێت یاریم بەجەستەیان نەکردووە.
بەڵام سەمایان بۆکردووم تاشەیدا بوون.
لە(سلێمانی)یەوەهاتووم.
سلێمانی زێرابێکی گەورەیە،
لەهەر شوێنێك بم بۆگەنی دەمخنکێنێت ...
هیچ ساڵێك وەك ئەمساڵ حەزم نەکردووە لەواقیع ڕاکەم.
من نامەوێت کەڵکم بۆئەم جیهانە پێبێت
زۆرجار بۆنی خوێن لەژورەکەم دێت ودەرگای خۆکوشتن دادەخەم..!!
زۆرجار بۆنی ژیان لەژورەکەم دێت ودەرگای خۆکوشتن دەکەمەوە..!!

شام/2004/5/22